# "کۆمپانیای ووشه"و یەکێتی نیشتمانی، لەپاش تاڵەبانی

**<u>تێبینیەکی کورت سەبارەت بەپرۆژەی کۆمپانیای ووشەو ئایندەی یەکێتی</u>**

**زمناکۆ عزیز**

لەدوایین ژمارەی مانگی مارسی گۆڤاری لڤیندا، چاوپێکەوتنێك کراوە لەگەڵ بەرزانی ئەحمەد کوردە کەبەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتیەیە. لەوێدا لەسەر نەوشیروان مستەفاو کۆمپانیای ووشەو ڕیفۆرمی ناو یەکێتی نیشتمانی قسەئەکات، کە زۆربەی قسەکانی دژی سەرانی کۆمپانیاکەو خودی نەوشیروان مستەفایە، کە بەوە تاوانباریان ئەکات کە ئەوان نەئەهلی ڕیفۆرمنو نەبەنیازی ڕیفۆرمیشن، وە بەڵگەی بۆ قسەکەی ئەوەیە کە خۆی ووتەنی" زیاتر لە 15 ساڵە مەڵبەندی سلێمانی بەدەست کوتلەکەی ئەوانەوەیە بۆچی ڕیفۆرمیان نەکرد؟؟" وە زیاتر لەسەر پرۆژەکە دواوەو ئەڵێت" پرۆژەکە بۆ یەکێتیەو تەنها ئەوان سوودی لێ ئەبینن..... وەسەرجەم پێکهاتەکانی کۆمپانیای ووشە ئەندامن لەناو ڕیزەکانی یەکێتیداو کەسیتریان لەگەڵ نیە". ئەم قسانەی کوردە لەکاتێکدابوو  کە سەری یەکەمی ئەم حزبە لە نەخۆشخانە کەوتبوو، وە بەهۆی غیابی جلال تاڵەبانیەوە کێشمەکێشو ململانێی ناو سەرکردایەتیو مەکتەب سیاسی گەیشتبوە حاڵەتێکی زۆر خراپو ئەگەری شەڕو پێکدادان لەنێوانیاندا ئیحتمالێکی بەهێز بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت جارێ ئەم شەڕە ڕاگیراوە.

کۆمپانیای ووشە سەرباری ئەوەی کە تائێستا کەس هیچیانی نەدیوەو چەند شتێکی کەم نەبێت هیچیشمان لێنەبیستوە، بەڵام پرۆژەیەکە کەزۆرترین قسەی لەسەر کراوەو زۆرترین متابعەی ئەخبارەکانیشی ئەکرێت لەلایەن خەڵکەوە، ئەمە لەبەر ئەوە نیە کە خەڵك چاوەڕوانیەکی هەبێت لەم کۆمپانیایە کە ببێتە هۆکاری باشکردنی هەلومەرجو گوزەرانی خەڵك، دانانی سنور بۆ دزیو ڕاوڕووتو داتەکاندنی داهاتەکانی کۆمەڵگاو گیرفانی خەڵك بۆ گیرفانی چەند کەسێکی مەسئولی ناو ئەم حزبانەو، سەرەنجام ئەوەی کە پێیئەوترێت بەدیل ئەمانە بن. بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە پرۆژەی یەکێتیو ئیئتلافی ئەو چەند ڕێکخراوەی کە یەکێتی نیشتمانی لەسەر بنچینەکەی هاتە بوون، بەرەو لاواز بوونو تەنانەت نەمان ئەچێت. ئەمەش وایکردوە کە چاوی لەسەر بێتو بزانرێ بەرەو کوێ هەنگاو هەڵئەگرێت.

ئەم پرۆژەیە ئەکرێت ماوەی کەمی تەمەنی بەدوو قۆناغ پێناسە بکرێتو لەهەر قۆناغێکدا سیاسەتو ستراتیژیەکی تایبەتو دیاری یکراوی هەبێت، قۆناغی بەرلەنەخۆش کەوتنی تاڵەبانیو قۆناغی پاش نەخۆش کەوتنی تاڵەبانی. چونکە ئەگەر تاڵەبانی نەخۆش نەبێتو سەرجەم دەسەڵاتو ناوەندی بڕیاردان بەدەستی خۆیەوە بێت، ئەوا مومکنە کۆمپانیای ووشە بیر لە دروستکردنو دامەزراندنی حزبێکی سیاسی بکاتەوە، ئەمەش هەروا لێکدانەوەیەکی سەرەپێییو خێرا نیە، بەڵکو لەسەر هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەم کۆمپانیایەدا ئەم هەنگاوە سیاسیو پرۆژەی دامەزراندنی حزبە بەدیئەکرێت، کاتێك کە کۆمپانیای ووشە قولەیەکی بەرزی ستراتیژی لەڕووی سەربازییەوە ئەکاتە سەنتەری پرۆژەکەی، کاتێك پرۆژەی دامەزراندنی فەوجی عەسکەری سەدان کەسی لەکەسە نزیکەکانی نەوشیروانو سەرانی کوتلەکەی بۆ پاراستنی پرۆژەکە ڕەزامەندنی بۆ وەربگیرێت، کاتێك سەرمایەیەکی گەورەی لەو  شێوەیەی کە باسی لێوە ئەکرێت لەئیختیاری ئەم پرۆژەیەدا بێت، وە کاتێکیش کادرە ناودارو موعتەبەرەکانی ناو یەکێتی کەساڵانێکە بەبێدەنگیو بەنەبوونی هیچ تێبینیەکی ڕووبەدەر لەسەر یەکێتی ڕیزەکانی یەکێتییان بۆ ساڵانێك جێهێشتوەو کەچی ئێستا لەدەروی پرۆژەی نەوشیروان گرد دەبنەوەو براگەورەیی نەوشیروان قبوڵ ئەکەن، ئەمە وێڕای کۆکردنەوەو تەوزیف کردنی سەدان کادری ناو یەکێتیو دەرەوەی لەدەوری کۆمپانیای ووشە. هەموو ئەمانە ئەو پەیامە سەرەتاییانەن ئەدرێت بەگوێماندا کە ئەمانە هەر بەتەنها کۆمپانیا نینو هەر تێڕوانینێکی لەم شێوەیەش بۆ ئەم پرۆژەیە بەمانای لەدەستدانی فرسەتی بەرگرتنە بە سلبیاتەکانی، وەهاوکات ئەم پرۆژەیە بۆ دروستکردنو دامەزراندنی حزبێکی سیاسیە.

بەڵام ئایا پاش نەخۆش کەوتنی تاڵەبانی پرۆژەی کۆمپانیای ووشە لەسەر هەمان بەرنامەی سەرەتای دامەزراندنی بەردەوام ئەبێت؟ بە بۆچونی من نەخێر، چونکە جارێکی ترو بەنەخۆش کەوتنی تاڵەبانی فرسەتێکیتر هاتوەتەپێش بۆ نەوشیروان مستەفا کە مومکنە بکرێتە سکرتێرو بەمەش سەرجەم کۆمپانیاکەی بگێڕێتەوە ناو یەکێتی، یان هەر بەتاکتیکێکی مناسب خودی کۆمپانیاکە وەك پرۆژەیەکی سەربەخۆ بمێنێەوە بۆ پێکانی ئامانجەکانیو وەستانەوە بەرامبەر بەنەیارەکانی نەوشیروانو کوتلەی ڕیفۆرم، هەروەها پرۆژەیەکیش بێت بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر گەندەڵییو کێشمەکێشە نهێنیەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کە تائیچستا کەس خەبەرێکی لێیانەوە نیە.

بەڵام تاچەند نەوشیروان ئەو فرسەتە ئەقۆزێتەوەو دێتەوە ناو بازنەی دەسەڵاتی سەرکردایەتی یەکێتی؟ تاچەند سکرتێربوونی نەوشیروان بۆ یەکێتی لەلایەن کوتلەی کۆسرەتو کوتلەکەی خودی تالێبانیەوە قبوڵ ئەکرێت؟ ئایا پاش تاڵەبانی پارسەنگی هێزی نێوان کوتلەکان تێك ناچێتو ئەگەری نەمانی هەندێك کوتلەو سەرهەڵدانی کوتلەی تازە دروست نابێت؟ بۆنمونە چی ڕێگرە کە سبەی ڕۆژ مەلا بەختیار خۆی لەناو کوتلەکەی نەوشیرواندا بدۆزێتەوە.......هتد؟ سەرەنجام ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە لە ئایندەی خودی یەکێتی بکۆڵرێتەوەو ڕێگایەك نیشانی خەڵكو جەماوەری ئەو حزبە بدرێت کە نەبنە قوربانی مەرامەکانی سەرکرایەتیو ڕێگایەکیتر هەڵبژێرن؟ ئەمانەو دەیان پرسیاریتر ئەبێت لەلایەن کادرە پێشکەوتوەکانی یەکێتیو دڵسۆزانی خەڵکی کوردستانەوە وەڵام بدرێنەوە.

کەبەبڕوای من مەسەلەی ئەم کوتلەبازانەی ناو یەکێتی نەخەلْکەو نەمەسەلە حەساسەکانی خەلْکە، هیچکام لەو کوتلانە لایەنگری سەربەخۆیی کوردستانو دامەزراندنی دەولْەتی سەربەخۆ نین، هیچکام لەو کوتلانە لایەنگری سکۆلاریزمو جیاکردنەوەی دین لەدەولْەت نین، هیچکامیان لایەنگری هەلْوەشانەوەی قانونەکانی ئەحوالْ شەخصیو یەکسانی ژنو پیاو نین، هیچ لایەکیان کەمتر لەویتر گەندەلْو خاوەن کەسایەتی گەندەلْ نین لەناو کوتلەکانیاندا، سەرەنجام کێشمەکێشو ڕکابەرایەتیکردنی یەکتریان بەخاتری بەژوەندی تایبەتیو دەسەلاتی زیاترە بۆ پاراستنو فروانکردنەوەی ئەم بەرژەوەندیە. بۆیە ئەگەر بەرەیەکیترو ڕیزێکی فراوانتر لە ڕیزە پێشکەوتنخوازەکانی ناو ئەم حزبە دانەمەرزرێت، کە چارەنوسی خۆیان بەچارەنوسی کۆمەلْگاوە گرێبدەنەوەو، کارنەکەن بۆ پەردە هەلْمالێن لەسەر ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم فرعەونە ملیاردێرە کوتلەبازانە، ئەوا هیچ دوور نیە کە ئاگری شەڕو ململانێکانیان نەگاتە خەلْکو ئایندەی کۆمەلْگای پێتاریکتر نەکرێت.